# چ ئاڵوگۆڕێك پێكهات لەكۆنگرەی فیدراسیۆندا.....؟؟

28.8.2007 **جەمال كۆشش**

بۆ پەنابەرانی عێراقی , بۆ خەڵكی عێراق, بۆ بزووتنەوەی مەدەنی و ئینسانی و لایەنگری لەمافەكانی پەنابەران لەئەورووپاو لەجیهان , گۆڕانێك پێكهات لە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاسۆیاندا.....؟ بۆ هەڵسوڕاوانی نێو پەنابەران و ئەندام وكادرو سكرتاریەتی فیدراسیۆن ئەم ئاڵوگۆڕە بەرجەستە و گرنگ بوو...؟

ئایا خاترجەم بین كە فیدراسیۆن ئەم ئومێدە وئەم پەیامەی كە بەڵێنی دا تا سەر دەگەیەنێت...؟ گەڕانەوە ئیدی بیریلێناكرێتەوە....؟

كاتێك شەوی بەر لەكۆنگرە دواین ووتارم نووسی وئێستا هەست دەكەم كە نەگەیشتووە بۆ سایتی دەنگەكان, بۆیە بەپێویستم زانی دووبارە بلاَوییبكەمەوە((ئایا پەنابەران چ جۆرە ڕێكخراوێك لە فیدراسیۆن دەخوازن)) كە لەوێدا من چی لەكۆنگرە دەخوازم و پێویستە چ ئاڵوگۆڕێك لەفیدراسیۆندا ڕووبدات بەوێنەی دۆخی شۆڕشگێڕانە و ئینسانی .

ئایا ئەو پێشبینیانەی من و سەدان كەس كە هەیانە ئەگەر نەلێم هەزاران لە فیدراسیۆن بەئاكامێكی دڵخوازو دلگیر گەیشتن...؟

پرسیارێكی واقعی تر لەوانەش ئایا خودی فیدراسیۆن ئەو ڕێكخراوەیە كە ئەو تەوەقوعاتانەمان لێی هەبێت...؟

بەڵێ وبەلاَم...

بەڵێ , فیدراسیۆن ئامرازی تەحقیق و بەدەستهاتنی ئاواتی یەكجار گەورەی ئینسانی وپیرۆزە, بەلاَم ئەگەر لەدوای كۆنگرەوە بەسۆراخیەوە بین....

بەڵێ فیدراسیۆن بەهێزترین و ئینسانیترین و پێشكەووترین بڕیارنامەی جیهانی كردۆتە بەرنامەی كاری داهاتووی بەلاَم پێویستە ئەو میكانیزمانەش بدۆزێتەوە بۆ جێگیركردنی لەنێو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەربارەی كێشەی پەنابەری....

بەڵێ فیدراسیۆن شەوی ناوەتە سەر یەك و بێپەروا هەڵدەسوڕێ و زیندووترین ڕێكخراوەی جالیەی نێو پەنایەرانە كە ڕووی دڕەخشانی ئینسانیەت و مەدەنیەتی خەڵكی عێراقەو ئامادەی خۆسازنیەتی لەگەڵ هەموو دیاردەو ڕەوەندە ئینسانیەكانی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەلاَم كەم دەرامەت وكەم ناسراوەو كەمترین زمانی كۆمنوكاسیۆن و ئامرازی های تەیكی بەدەستەوەیە...

ئەوەتان بۆ پێبڵێم ....هاوڕێیانی پەنابەر ...خوێنەرانم خۆشەویستم من وەك بەشداربوویەكی كۆنگرە ...كۆنگرە لەنێو ڕۆژگارێكی قورس و خوێناویدا بەسترا, لەنێو ڕۆژگاری دەربەدەری ملیۆنی... كۆنگرەیەكی زیندوو, پڕكار و پڕكێشمەكێشیش بوو, ئەوانەی بەشداری كۆنگرەكە بوون. بوون بەومانایەی شتێك لەكۆنگرەكە تا بڕیاری لەسەر دەدرا یان تا هەڵدەوەشایەوە, یان تا دەخرایە دەستووری باسەكانەوە, یان تا كاتی بۆ دیاری دەكرا....هەمووی گرنگ و بەچاوی ڕەخنەگرانەی تیژەوە مامەڵەی لەگەڵ دەكرا, كۆنگرە دەروازەی ئاڵوگۆڕێكی مەزنی دامەزراندا....بەلاَم هەموو شت لەسەر كۆنگرەش مەبەستن , داهاتووی كارو بارەكان و هەڵسوڕانەكان سەد بەرابەر چاودێری بكەن و بەشداری بكەن و خۆتان بەهەڵسوڕانی خۆتان مەبەستەكانتان جێگیر بكەن. هەر كەس و ئۆرگانێكی پەنابەری و جالیەی كوردی وعێراقی لەسەر نوویشتی ئەم فیدراسیۆنە دەتوانێت بەقەدەر بارستایی خۆی مەقامێك وكورسیەك بگرێت....بەلاَم پێویستە بڕیارنامەی فیدراسیۆنتان ببێتە ئامانج .